



ئالان عومەر:

# بە دڵ حەز دەکەم لە کوردستان بوومایە و بچوومایەتە بەرەکانی جەنگ



■ ماوەی چەند ساڵێکە خانمە هونەرمەند ئالان عومەر کوردستانی بەجێهێشتووە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، ئەگەرچی لە سوید سەرقاڵی ژیانی رۆژانەیە کە ئەویش ئاسان نییە، کەچی سەرەڕای ئەوە لە هونەر دانەبڕاوە، بەڵام وەك پێویست بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەی لە کوردستان بوو نەیتوانیوە بەردەوام بێت. ئەمەش تا رادەیەك کارێکی ئاساییە، چونکە ژیان بۆ هونەرمەندێکی ئافرەت بەو شێوەیە ئاسان نییە و ئەرك و ماندووبوونی دەوێ، بۆیە بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی ئالان عومەری هونەرمەند بکەین بۆ ئەوەی خوێنەرانی زیاتر ئاگادار بن.

*** ئەوساڵانەی لە ئەوروپا بەسەرت بردن ئەگەر لە کوردستان بووای کاری زیاترت پێشکەش نەدەکرد؟**

- بێگومان لەکوردستان بوومایە کاری زیاترم دەکرد، بەڵام لەسەر حسابی رۆح و وزەی خۆم، یانی لە کوردستان دەرفەتی کار زۆرە، بەڵام ماندوو دەبی بەو هەموو نادادپەروەرییەی لەهاوکاریی هونەریدا هەیە، لێرە کارەکان ئاسان نارۆنە پێش، بەڵام لەو جەوە دووری کە بە بەرچاوتەوە لەسەر حسابی هونەر، هاوکاریی کەسی تر بکەن، تۆش کاری هونەری بکەی و هەزار واستە بکەی تا هاوکاری بەرهەمهێنانی بەرهەمێک دەکرێی، بەڕاستی بۆ من سەخت بوو بەو شێوەیە هونەر بکەم و بۆم قبوڵبکرێت.

*** پێشتر راتگەیاندبوو کە لە کوردستان نەتتوانی وەك هونەرمەندێك بژی، ئایا لە سوید ئەو ژیانەت بۆ هاتەدی؟**

- بەڵێ من ئەوەم وتبوو، خۆ ئەگەر بمتوانیایە وەک هونەرمەندێک بژیم، ئەوە بێگومان وڵاتم جێ نەدەهێشت. لەسوید وەک ئینسانێک دەتوانێ بژیت، بێ ئەوەی هەست بە ناعەدالەتی بکەیت، لێرە هەموو وەکو یەک دەژین، کاری زیاتر بکە، ژیانت باشتر بکە، بەڵام لە کوردستان ئەوەی ئازاری دەدام ئەوە بوو، من وەکو هونەرمەندێک بۆ ژیان دەبوو دوو دەوام بکەم، دەوامێکی راگەیاندن، دەوامێکی سەندیکای هونەرمەندان، کە کاری ئیداریم دەکرد لەوێ نەک کاری هونەری، هێشتاش بەو دوو دەوامە بەباشی فریای ژیان نەدەکەوتم، ئەی بەچی کاری هونەریم بکردایە؟ ئەی لەچ کاتێکدا کاری هونەریم بکردایە؟ کە بەدرێژایی رۆژ لەدەوام بم، دەوامێک کەتایبەت نییە بەهونەر.

ئەوە جگە لەوەی کە دەتبینی، خەڵکانێک لەسەر حسابی هونەر ئەوپەڕی ژیانیان پێدراوە، پێویست نییە هیچ کارێک بکەن، کاری هونەری خۆیان نەبێ، ئەوە ناعەدالەتی بوو، زۆر زیاتر لەهەر شت ماندووی کردین و تۆراندمی لەوڵات. لێرە هەست دەکەی تۆ ئەگەرچی خەڵکی ئەم وڵاتەش نیت، بەڵام هەمان مافت هەیە کە خۆیان هەیانە، لەپەنای ئەو یەکسانییەش لەژیانکردن، دەتوانی بەهاوکاریی دڵسۆزان، وردە وردە کاری هونەریش بکەی، وەک ئەوەی کردوومە.

***هۆکاری چوونە دەرەوەت بۆ سوید ئایا تایبەتی و شەخسی بوو، یان پەیوەندی بە کاری هونەرییەوە هەبوو؟**

- من بۆ سەردان و سەفەر هاتمە دەرەوە، بەڵام کە لێرە دەرفەتی مانەوەم بۆ رەخسا مامەوەو بڕیارمدا لێرە بژیم، چونکە وەک پێشتر وتم، هۆکاری زۆر هەبوو کە دڵی رەنجاندین لەوڵات.

*** ئایا کەرتی تایبەت هونەر پێش دەخات، یان حکومەت و بۆچی؟**

- ئەگەر وەک کوردستان نەبێت، بەڕاستی شتێک هەبێ بەناوی کەرتی تایبەت، بێگومان کەرتی تایبەت دەتوانێ کاری گەورە بکات و هونەر زیاتر پێش بخات، ئەوەی وڵاتانی ئەوروپای پێشختووە لەهەموو بوارێک کەرتی تایبەتە، نەک کەرتی گشتی، بەڵام لە کوردستان شتەکان تەواو پێچەوانەیە. لەکوردستان کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت یەک شتن و تەنیا ناویان جیاوازە، مانای ئەوانەی کە کاری حکومەتیان بەدەستە، هەر ئەوانەن کە کاری کەرتی تایبەتیان بەدەستە، لە حکومەت پشتیوانت هەبێ، مانای لەکەرتی تایبەت پشتیوانت هەیە، لە حکومەت پشتیوانت نەبوو، لەکەرتی تایبەتیش ناتبێ، بۆیە لەوێ بە رای من زیاتر دەبێت حکومەت کار بکات بۆ زۆر بوار بە هونەریشەوە.

*** لەو ماوەی ٥ ساڵەی کە لە سویدیت گۆڕانکاریی زۆر بەسەر بواری هونەریدا هاتووە، کە گوێبیستی دەبووی، هەستت بە چی دەکرد؟**

- نازانم کام گۆڕانکاری؟ بەبڕوای من شتەکان لەجێی خۆیان وەستاون، لەسەر دەمی کابینەی پێنجەمەوە کار بۆ هونەر نەکراوە، ئەوکات بەهاوکاریی سەرۆکی حکومەت، هونەر گڕوتینێکی زۆر باشی بەخۆیەوە بینی، کێبڕکێی هونەریی زۆر بوو، پشتیوانی هونەرمەند دەکرا، هاوکاریی بەرهەمهێنانی هونەری دەکرا، بەڵام ئێستا ئەوە نابینم، هەستی پێناکرێ، کام کێبڕکێ هونەرییە هەیە بۆ بەرهەمی باشتر؟ بڕوا بکە ئەوەی کراوە دووبارەکردنەوەی ئەو کارانەیە کە ئەوکات کرا. راستە هەندێ کەسی نوێ هاتوونەتە پێشەوە لەهونەر، لەکاتێکدا هەندێ هونەرمەندی بەئەزموون لە گۆڕەپانەکە دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە جگە لە پێشکەوتن لە رووی تەکنیکییەوە، پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بۆ بەرهەم و کاری باش روونەداوە.

***حەز دەکەی کچەکەت روو لە بواری هونەری بکات؟**

- من پێم باشە ئەو بەشەی خۆی ئیختیاری دەکات لەو بوارە قاڵ بێتەوە، دەبێ ئینسان هەر لە منداڵییەوە بەدوای بەهرەکانی خۆیەوە بێ و لەسەر دایک و باوکە پشتیوانی بکەن و هاوکاریی بکەن بۆ گرنگیدانی بە بەهرەی خۆی، من حەز دەکەم لەبواری موزیک کار بکات، بەڵام وەک وتم ئایا ئەو نزیکییەی لەهونەر ئێستا هەستی پێ دەکەم، بەهرەیە، یان حەزێکەو بەهۆی منەوە لای دروست بووە؟ ئەوە لە ئایندە دەردەکەوێ، بەدەست من بێ حەز دەکەم بەهرە بێ و لەو بوارە کار بکات.

*** کاتی گەڕانەوەت بۆ کوردستان دیاری نەکردووە ؟**

- بەدڵ حەزم دەکرد لەم کاتە لەکوردستان بوومایە، هیچ نەبێ هاوکاری خێزانێکی ئاوارە بوومایە، دەستی ژنە پیرێکی ئاوارەم بگرتایە، حەزم دەکرد لەوێ بام، لەماڵەکەمدا هاوبەشیم بکردایە لەگەڵ ماڵە ئاوارەیەک، یان کۆڵەکەی خێوەتی ماڵە ئاوارەیەکم هەڵبدایە لەگەڵیان، یان بچوومایەتە بەرەکانی جەنگ، ئەگەر بە موزیک و گۆرانی بێ، ئەگەر بە فیشەک پڕکردنەوەش بێ، ئەگەر بەخواردن بۆ ئامادەکردنیش بێ، هاوکاریی پێشمەرگە بکەم، بەڵام بەداخەوە هەندێ گرفتی تایبەتیم هەیە، کە لەم کاتە ئەو دەرفەتەم بۆ نارەخسێنێ بگەڕێمەوە، بێگومان لە ئایندە بەرنامەم هەیە بگەڕێمەوە، بەڵام کەی؟ نازانم، جارێ بڕیارم نەداوە.

**ئەگەر بمتوانیایە وەک هونەرمەندێک بژیم، ئەوە بێگومان وڵاتم جێ نەدەهێشت**

**لەسەر دەمی کابینەی پێنجەمەوە کار بۆ هونەر نەکراوە، ئەوکات بەهاوکاریی سەرۆکی حکومەت، هونەر گڕوتینێکی زۆر باشی بەخۆیەوە بینی**

# بیرین دێتە پێشەوەی ئەستێرەکانی تورکیا

تەنیا زنجیرەی (فاتیمە) کە یەکێکە لە پڕ بینەرترین زنجیرە تەلەفزیۆنیە تورکیەکان نەبووەتە هۆی ئەوەی کە بیرین سات ببێتە ئەستێرەیەکی ناودار و خەڵك لە شوێنە گشتییەکان بە نۆرە راوەستاوە بۆ گرتنی وێنەیەك یان ئیمزا، بەڵکو بەم دواییە جارێکی دیکە بێرن بووەتە دەنگوباسی میدیا تورکییەکان، بەڵام ئەم جارە وەك ئەستێرەی سینەما نەبوو، بەڵکو وەك ئەکتەرێکی ئافرەت کە زۆرترین داهات دەستدەکەوێت.

بیرین کە بە رۆڵی فاتیمە زیاتر ناسرا، ئێستا خاوەنی نازناوەکەیە، چونکە لە بەرامبەر بەشداری کردنی لە یەك ئەڵقەی زنجیرەکان بڕی ٦٩ هەزار لیرەی تورکی دەست دەکەوێت، لە پلەی دووەمیش ئەستێرەی ناوداری تورکی تۆبا بۆیۆکستۆن کە بە (لەمیس) ناسراوە دێت، چونکە کرێی هەفتانەی دەگاتە ٦٥ هەزار لیرەی تورکی بۆ یەك ئەڵقە، لە پلەی سێیەمیش بەر بیرجوزار کۆریل کەوت کە بە (دادوەر فەریدا) ناسراوە ئەویش بە کۆکردنەوەی ٥٥ هەزار لیرەی تورکی بۆ یەك ئەڵقە.

شایەنی باسە بیرین بەم دواییە ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ گۆرانیبێژی تورکی کەنعان دۆگلۆ ساز کرد و هەر لەم ئاهەنگەدا رایگەیاند کە بۆ ماوەیەك لە هونەر دادەبڕێت و هەموو کاتی خۆی بۆ ژیانی نوێی خۆی تەرخان دەکات و بەشداریی لە هیچ کارێکی هونەریدا ناکات.



# کیرا نایتلی بە توندی بەرگری لە خۆی دەکات



کچــە ئەکتــەری بەریتانــی کیرا نایتلی دووپاتیکردەوە کە سەرکەوتوو بووە لە تێپەڕاندنی تەڵەزگەی ناوبانگ و ئەســتێرە بوون، چونکە توانیی خۆی رزگار بــکات لە کەوتنە نێــو داوی بەکارهێنانی مادده هۆشــبەرەکان، ئەگەرچی بارودۆخی ناڵەبار بوو و لە تەمەنێکی زوودا بوو بە یەکێك لە ئەستێرە بەناوبانگ و ناودارەکان لەسەر ئاستی جیهان.

کیرا نایتلیی تەمەن ٢٩ ســاڵ، کاتێك نەوجەوان بووە لە ســاڵی ٢٠٠٢ بەشــداریی لە زنجیرە درامای کۆمیدی Bend It Like Beckham کرد، بە پێی راپۆرتی ماڵپەڕی contactmusic.com رایگەیانــدووە هەســت بە شــانازییەکی زۆر دەکات بەوەی کە لە تەمەنی نەجەوانیــدا نەکەوتە داوی بەکارهێنانی مادده هۆشــبەرەکان بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندە پیاو و ئافرەتەکان.

نایتلی بە یەکێك لە ئەســتێرە ســەرکەوتووەکان دادەنرێت و پاڵەوانی چەندین فیلمی سینەمایی نــاودار بووە، لەوانەش فیلمی Pirates Of The Caribbean ژیانی هاوســەریی لەگەڵ گۆرانیبێژی ناوداری بەریتانی جیمس رایتۆن پێکهێنابوو، نایتلی پێشتر لە چەندین بۆنە و دیمانە و راپۆرتی جیاجیای رۆژنامەوانی بە راشکاوانە ئاشکرای کرد کە زۆربەی هەرە زۆری موزیسیانە لاوەکان و ئەســتێرەکانی سینەما بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرەتای دەرکەوتن و قۆناغی بە ئەستێرە بوونن، ئاڵوودەی بەکارهێنانی مادده هۆشــبەرەکانن، چونکە بەپێی ویست و ئارەزووەکانی خۆیان رەفتار دەکەن و گوێ بە دەوروبەری خۆیان نادەن، ئەمەش بۆ من مایەی شانازی و سەربەرزییە کە تا ئێستا نەکەوتوومەتە داوی مادده هۆشبەرەکان.



# رانی : بەرنامەیەکی وەک ئۆپیرا بۆ من زۆر باشە

ئەستێرەی سینەمایی هیندی رانی مۆخرجی دووپاتیکردەوە کە ئەو بیر لەوە دەکاتەوە بەشــداریی لە کارێکی تەلەفزیۆنیدا بکات و پــڕ بە دڵیش حەز دەکات بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی گشــتی هاوشێوەی بەرنامەی میدیاکاری ناوداری جیهانی ئۆپیرا وینفری بێــت کە بە یەکێك لــە پڕ بینەرترین بەرنامــە تەلەفزیۆنییەکان دادەنرێت و خاوەنی زۆرترین بینەرە.

رانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی firstpost کە یەکێك لە ماڵپەڕە جیهانییە ناداودارەکانە وتی: من خۆم بە کەسێکی زۆر کراوە دەبینم بەرامبەر بــە تەلەفزیۆن و حەز دەکەم بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنــی پێشــکەش بکەم کە لە شــێوەی بەرنامەی ئۆپیرا وینفری بێت کە باس لە هەموو شتێك دەکات، خەڵك کۆ دەکاتەوە لە بوارە جیاجیاکان، گفتوگۆ دەکەن دەربارەی کێشــە و گرفتە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی جیهان، من پێموایە ئەگەر بەرنامەیەکی لەو شێوەیە پێشکەش بکەم بۆ من زۆر باش دەبێت.

ئــەو ئەکتــەرە تەمەن ٣٦ ســاڵە زیاتــر وتی: بەرنامەیەکی لەو جــۆرە کاریگەریی زۆری دەبێت بەتایبەتی لە نێو ئافرەتان، چونکە ئاراستەی خەڵك دەکرێت بۆ زانینی ئاســتی وشــیاری و رۆشنبیریی خەڵك.

رانی وتیشــی: بەداخەوە من لە کاتی پشوو، یــان ئەگەر لە دەرەوە بم ســەیری تەلەفزیۆن ناکەم، بەڵام پێموایە زۆر گرنگە ســەیری تەلەفزیۆن بکەین بــۆ ئەوەی بزانین لــە دەوروبەرمانــدا چی روودەدات.

# سەحەر دلۆڤان: هیچ ویژدانێک کارەساتی شنگال قبوڵ ناکات

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی نارەوای داعش بۆ سەر کوردستان و ئاوارەبوون و کوشتاری بێ ویژدانەیان بەرامبەر بە خوشك و برایانی ئێزدی زۆربەی زۆری هونەرمەندانی کوردستان بە گۆرانی و سروود پشتیوانیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە دەربڕی و گوزارشتیان لە گەورەیی کارەساتی چیای شنگال کرد.

خانمە گورانیبێژی باکووری کوردستان سەحەر دلۆڤان دەیەوێ بە گۆرانییەك هەستی خۆی بۆ گەورەیی ئەو کارەساتە دەرببڕی، بۆیە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەك کە تیایدا باسی ناخۆشی و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان و شنگال دەکات.

لەم بارەیەوە سەحەر لە لێدوانێکدا دەڵێت: دیمەنەکان و کارەساتەکانی شنگال و مردنی منداڵ لە باوەشی دایکیاندا کۆتا ئاستی دڕندەیی مروڤەکان دەردەخات، ئەمە چ ویژدانێکە کە قبوڵی ئەمە دەکات؟

سەحەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: چۆن بڕوا بەو راستییە بکەم کە منداڵ و پیر لەسەر چیاکان رێگەی دورو درێژ دەبڕن و لە برسان و تێنوێتیدا دەمرن. سەرم سوڕماوە لە ئاست دڕەندەیی ئەو دوژمنانە.



# فیلمی (من سامیم) بەردەوامە لە بەدەستهێنانی خەڵات

فیلمی (من سامیم) لە نووسین و دەرهێنانی کەی بەهار، فیلمکاری کوردی دانیشتووی بەریتانیا، بەرهەمی جۆکا فیلمس و فوتپرینت فیلمس، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ وێنەی گیراوە. بۆ ئەم بەرهەمە ١٥ فیلمکاری بەریتانی پرۆفێشناڵ و یەك ئەکتەری سەرەکی، نیك کۆرت، هاتنە کوردستان، ئەمەش یەکەم سەردانیان بوو. ئەم بیانییانە شان بەشانی زیاتر لە ٣٥ فیلمکار و چەندان ئەکتەری کورد بۆ ماوەی ٦ رۆژ کاریان بۆ وێنەگرتن فیلمی (من سامیم) کرد.

ئەکتەران و کارمەندانی کورد و بیانی هەموو خۆبەخشانە کاریان کردو ئەم بەرهەمە بە سەرکەوتوویی بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا. بەتایبەتی لە بواری رەچاوکردنی ئاسایش کە بە لای بیانییەکانەوە زۆر گرنگ بوو. منداڵە کوردی بەهرەداری تەمەن ٩ ساڵ، باوەڕ لەندەن رۆڵی سەرەکی لەم فیلمە بینی و ئەکتەرانی بەرزی وەك بەنگین عەلی، بێریتان یلّدزتان، بەشدارییان تیا کردو بۆ یەکەم جار لە فیلمێکی کوردی بە زمانی ئینگلیزی رۆڵیان بینی.

دوای کۆتایی هێنان بە فیلمکاری، فیلمەکە لە بەریتانیا لەلایەن تیمێکی شازدە کەسییەوە کاری لەسەر کرا لە پۆست - پرۆدەکشن لە بواری مۆنتاژ، دەنگ، رەنگ، سپێشەڵ ئیفێکت و موزیك، تاکو بە تەواوی لە کۆتایی مانگی پێنج ٢٠١٤ هاتەبەرهەم. لە سەرەتای مانگی شەش بەشداری کرد لە یەکەم فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی لە هەولێر و ئەوەبوو کە لە گەورەترین هۆڵی سینەمای کوردستان نیشان درا و زیاتر لە ١٠٠ کەس لە بینەران بۆ بینینی ئەم فیلمە بە پێوە وەستان.

کەی بەهار دەرهێنەری فیلمەکە رایگەیاند: لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا فیلمی (من سامیم) ناردراوە بۆ ١٦٠ فێستیڤاڵ لە وڵاتانی جیاواز، تاکو ئێستاش حەوت خەڵات و حەوت هەڵبژاردنی سەرەکی بەدەست هێناوە لەم فێستیڤاڵانە: خەڵاتی - باشترین مۆنتاژ - یەکەم



فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی هەولێر– کوردستان.
خەڵاتی - باشترین فیلم - فێستیڤاڵی ئێل پێکادۆ – ئیسپانیا هەڵبژێردراو
خەڵاتی - باشترین سینەماتۆگرافی - فێستیڤاڵی سینەما دیڵ پۆڤەرۆ – ئیتاڵیا
خەڵاتی - باشترین دەرهێنان، باشترین سکریپت – باشترین فیلم - فێستیڤاڵی ئەیم . هیندستان
خەڵاتی- ئەودیانس چۆیس (هەڵبژاردەی بینەران)، فێستیڤاڵی ترینیتی. ئەمەریکا.
هەڵبژێردراو لە پێشبرکێی سەرەکی - فێستیڤاڵی مانیزالێس– کۆلۆمبیا.
هەڵبژێردراو بۆ خەڵاتی - باشترین فیلم - فێستیڤاڵی سینەمافێست. مەکسیك
هەڵبژێردراو لە پێشبڕكێی سەرەکی - فێستیڤاڵی سینێ ئێنفانسیا ئێ ئەدۆلۆسێنسیا. کۆلۆمبیا
هەڵبژێردراو لە پێشبڕكێی سەرەکی - فێستیڤاڵی ئێنکاونتەرس . بەریتانیا.
هەڵبژێردراو لە پێشبڕكێی سەرەکی - فێستیڤاڵی تانجێر– مەغریب
هەڵبژێردراو لە پێشبرکێی سەرەکی - فێستیڤاڵی سان دییگۆ. ئەمەریکا
هەڵبژێردراو لە پێشبڕكێی سەرەکی - فێستیڤاڵی بالینال – بالی خەڵاتی سێیەم باشترین فیلم - فێستیڤاڵی بانگەلۆر – هیندستان
کەی بەهار هەروەها گوتی: ئەوەی زۆر گرنگ بێت لەم سەرکەوتنانە - بەشداری کردنیەتی لە فێستیڤاڵی ئینکاونتەرس، کە لە رۆژی پێنجشەم، بەرواری ٢٠١٤/٠٩/١٨ لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە سینەمای ژمارە ٣-ی وتەرشێد لە شاری بریستۆڵ ، لە بەریتانیا فیلمەکە نیشان دەدرێت. ئەمەش بە ئاگاداری ئێمە، یەکەم جارە فیلمی فیلمکارێکی کورد لەم فێستیڤاڵە بەشداری بکات لە بەشی پێشبڕكێی سەرەکی. ئەم فێستیڤاڵە نێونەتەوەییە جگە لەوەی بە باڵاترین فیلم فێستیڤاڵی کورتە فیلمە لە بەریتانیا، هەروەها لە ژێر سەرپەرشتی خەڵات ئۆسکار، خەڵاتی بافتا و خەڵاتی فیلمی بەریتانیدایە، واتە بەشداری لە بەشی پێشبڕكێ لەم فێستیڤاڵە ماوەی ئەوەت دەداتێ کە بتوانیت فیلمەکەت بنێریت بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕكێی خەڵاتی ئۆسکار، بافتا و خەڵاتی فیلمی بەریتانی.